# ئەسپە باڵدارەکە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئەسپە باڵدارەکە

نووسینی:

**چیمەن کاوێس**

وێنەکێش:

**ئاریان سەرسام**

ناوی کتێب: ئەسپە باڵدارەکە
نووسینی: چیمەن کاوێس
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە ٥٣٣
وێنەکێش: ئاریان سەرسام
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە ( ١١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# ئەسپە باڵدارەکە

زستانێکی سەختە، گوند گوندێکی سەرسنوورە، بەفر هەناسەی لە زەوی بڕیوە، تەنیا دووکەڵی لوولەی سۆپای خانووە قوڕەکان نەبێ، ختووکە بەهەوری سەر سەری دەدا هیچی تریان نییە.

لە سووچی یەکێ لەم خانووانەدا، (ڕێبوار) کە منداڵێکی ٧-٦ساڵانە سەری خستووەتە سەر ڕانی مام ئۆمەری باپیرەی..

مام ئۆمەر پیاوێکی بەساڵاچووە، ڕێبوار لە دوای مردنی دایك و باوکی هەموو هیوای دوا ڕۆژیەتی لە ژیاندا. سەرما هەست و چرپەی لە هەموو شتێ بڕیبوو تەنیا دەنگی قرچەی سووتانی داری ناو سۆپاکان و لوورەی گورگەکان نەبێ کە بەیەك شاد دەبوون، دەنگێکی تر نەدەهات..!

تەزوویەکی سارد بەگیانی ڕێبواردا هات و زیاتر خۆی کوتایە ناو باوەشی باپیرەی..

ڕێبوار: باپیرە کەی چیرۆکی ئەسپە باڵدارەکەم بۆ دەگێڕیتەوە؟ ئەی نەتگوت هەر کە بەفر بکەوێ؟ بەفر لەمە زیاتر..!؟

مام ئۆمەر: کوڕم ڕێبوار ئارام بگرە بۆتی دەگێڕمەوە..!

ڕێبوار: توخوا باپیرە هەر ئێستا بۆمی بگێڕەوە.

مام ئۆمەر: هەر ئێستا ڕۆڵە.

ڕێبوار: بەڵام باپیرە نازانم ئەسپی باڵدار چییە؟ لە کوێوە دێت، بۆچی تەنیا لە کاتی بەفر باریندا دێت؟

مام ئۆمەر: کوڕم لە چلەی زستان لە شەوانی سارد و کڕێوە لە جەرگەی یەکێ لە چیا بەستووەکاندا بەفراوی لووتکە دەتەقیتەوە ئەسپێکی سپی بەفرینی لێ دەردەپەڕێ هەردوو پەلی پێشەوەی بەرەو رووی ئاسمان هەڵدەبڕێ و سێ جار بەزەویدا دەدات و دووباڵی لێ دەڕسکێ و ڕووەو ئاسمان دەداتە شەقەی باڵ.

ڕێبوار: بۆ دەفڕێ، بۆ کوێ دەچێ؟

مام ئۆمەر: کوڕم دەفڕێ و یەکەیەکە سەر بەگوندە دوورەکاندا دەکا و تا بزانێ چ هەژارێ چ منداڵە هەتیوێ پێویستی بەیارمەتی هەیە تا بۆی جێبەجێ بکات.

ڕێبوار: پێویستی؟ پێویستی وەك چی؟.

مام ئۆمەر: وەك ئەوەی نەخۆشێکیان هەبێت تاکو بۆیان بگەیەنێتە شار دەیخاتە سەر پشتی خۆی و بەچاو چوقانێ دەیگەیەنێ. گەر هیچ ئیشێ نەبوو لە شار جێبەجێی بکا دووبارە دەگەڕێتەوە لای لووتکە چیاکە و لەوێش پیاوێکی ریش سپی چاوەڕێی دەکات، دەیخاتە سەرپشتی خۆی و بەرەو شار دەکەوێتەوە ڕێ بۆ دیدەنیی منداڵانی شار..

ڕێبوار: (چاوەکانی هەڵدەگوشێ) و منداڵانی شار!

منداڵانی شار وەك ئێمەن؟ کەی ئەچیتە شار؟ دوا وشەی تەواو کرد و نەکرد دەست بەسەر داهێنانی باپیرەی و هەستی کزە بایەکە لەژێر کەلێنی دەرگاکەوە وەك لایەلایێ بۆ بکەن، هێدی هێدی پێڵووەکانی قورس بوون و ئەندامەکانی لەشی خاوبوونەوە و خەویشی دوا میوانی بیری بوو لە دەرگای ئەندێشەیدا!


ئارایان سەرسام 2001

# ئەسپە بەفرینەکە

منداڵە وردەکان سەرەڕای سەرمای شەوێکی سەخت، ڕژابوونە ئەو کێو و هەردانەی دەوروبەری گوند و ناو ماڵەکانی لادێ، کۆمەڵێ بەدوای (سێڵێکی نان کردن) کەوتبوون کە بەسەر بەفرەوە دەخلیسکا و کیژۆڵەیەکی ٨-٧ساڵانی لەناودابوو، کاتێ لە لیژاییەکە شۆڕ بووەوە خوارێ سێڵەکە بەکیژۆڵەکەوە سەرەنگوون بوو..

هۆ.. هێ.. هاهاها منداڵەکان پێ دەکەنین و پەنجەیان بۆ سۆزان درێژ دەکرد کە لە سێڵەکە کەوتبووە خوارەوە و لووتی لەناو بەفردا چەقی بوو. بەتووڕەییەوە سەری ڕووەو کاروان و ڕەوەند هەڵبڕی کە بەجووتە وەستابوون و پێ دەکەنین و گاڵتەیان پێ دەکرد.. سۆزان هەڵسایەوە سەرپێ و ئاوڕێکی لە دواوە دایەوە.. لەو کاتەدا چاوی بە ڕێبوار کەوت کە خەریکی دروستکردنی پەیکەری ئەسپێك بوو پیاوێکیشی بەتەکەوەبوو..

سۆزان: ئەڵڵا چەند جوانە... ئۆی ئەوە کێ دروستی کردووە؟!

ڕێبوار (سەرێکی بۆ هەڵبڕی) من ئەم ئەسپە باڵدارەم دروست کردووە..

ڕەوەند: هاهاها ئەسپی باڵدارتان دیوە؟

ڕێبوار: بەڵێ من دیومە، بەڵکو هەموو شەوێ باپیرەم پێش ئەوەی بخەوم چیرۆکی ئەم ئەسپەم بۆ دەگێڕێتەوە.

سۆزان: ئەڵڵا ئەسپێکی چەند جوانە؟ چەند نازدارە، سەیری، پەنجەی بۆ پەیکەری پیاوە بەسواری ئەم ئەسپە بفڕی! کاروان پێ دەکەنی و گاڵتەی بەقسەکانی دێت..

سۆزان: بۆچی پێ دەکەنێ گاڵتەت بەچی دێت؟

کاروان: ئاخر قەت بووە پەیکەر بفڕێ، بۆچی ئەسپی بەڕاستیش دەفڕێ!

ڕێبوار: بە تووڕەییەوە سەر هەڵدەبڕێ قسە ناکا.

سۆزان: بەڵام شتی وابووە!

کاروان: ئاخر چۆن! پیمان بڵێ چۆن!

سۆزان: من بەچاوی خۆم دیومە کە ئەسپ فڕیوە.

ڕەوەند (بەگاڵتەوە چی!): ئەسپ دەفڕێ؟! هاهاها (پێ دەکەنێ)

سۆزان (بەهاوارەوە): گاڵتەتان پێ دێ وانییە؟

ڕەوەند: تۆ ئەمەت لە خەونا دیوە، لات وایە ڕاستییە وانییە؟

ڕێبوار لەو کاتەدا ئارامی نامینێ و لە شوێنی خۆیەوە هاوار دەکا.. ئا ڕاستە، وەرنە پێشەوە تا بۆتانی بگێڕمەوە. منداڵەکانیش بەسەر سوڕمانەوە لێی نزیك دەبنەوە و لە دەوری کۆدەبنەوە.

ڕێبوار: لە شەوانی کرێوەی زستاندا، هەر کە سەرما سەخت دەبێ و بەفر دەکەوێ و قەدپاڵی چیاکان دەبەستێ، باپیرەم چیرۆکی (ئەسپە باڵدارەکەم) بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەمەیە: هەورە تریشقە لە یەکێك لە چیاکان دەدات و، چیاکە دەتەقێ، ئەسپێکی سپی لە جەرگەی چیاکە دێتە دەرێ و هەردوو پەلی پێشەوەی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە، سێ جار لە زەویی دەدا، دوو باڵی لێ دەرسکێ، دەداتە شەقەی باڵ و بەسەر گوندەکاندا ڕەت دەبێ و، سەر بەماڵەکاندا دەکا تا بزانێ چ هەژارێ یان هەتیوێ پێویستی بەیارمەتی هەیە تا بۆی جێبەجێ بکات گەر هیچ شتێکیش بەرچاو نەکەوێ دەگەڕێتەوە لای ئەو چیایەی کە لێی لە دایك بووە، پیاوێکی بەساڵاچوو چاوەڕوانی دەکات و دەیخاتە سەر پشتی خۆی و هەڵدەفڕێتەوە.


ڕەوەند (لاسایی فڕینی دەکاتەوە، هەردوو باڵی لە یەك دەدا).

ڕەوەند: ئاوا بەئاسماندا هەڵدەفڕێ.

کاروان: (بەهەڵچوونەوە..) بە ئاسماندا هەڵدەفڕێ، ئای کە خەونێکی شیرینە!



ڕەوەند: ئەی کە فڕی بۆ کوێ دەچێ؟..!
ڕێبوار: ئەسپەکە حەزی بەدیدەنیی منداڵانی شار دەکرد.
سۆزان: ئای کە دیدەنیی منداڵانی شار شتێکی شرینە.
کاروان: ئێ کە گەیشتنە شار چییان کرد؟
ڕێبوار: منداڵانی شار لە ئەسپە ئازایەکە کۆبوونەوە، ئەوەندە دڵیان پێ خۆش بوو، زۆر نەمابوو لە خۆشیا لەگەڵ ئەسپەکەدا بفڕن!
ڕەوەند: دیارە منداڵەکان ئەسپەکەیان زۆر خۆش دەویست؟
ڕێبوار: بەڵێ.. بەڵێ زۆریان خۆش دەویست، چونکە ئەسپێکی ئازا و جوان و بەجەرگ بوو..
ڕەوەند: بەدەوری ئەسپە بەفرینەکەدا دەسورێتەوە.
ڕەوەند: خۆزگە منیش ئەم ئەسپە ئازایەم دەبینی!!
سۆزان: لەوانەیە ڕۆژێك بەسەر گوندەکەی ئێمەشدا بگەڕێ.
ڕێبوار: ئەگەر بێت و پەیکەرەکەم دەبینێ ئەوسا دڵی پێ خۆش دەبێ.
کاروان: بەجۆشێکی زۆرەوە.. ئێ پاشان ئەسپەکە چی کرد!؟
ڕێبوار (تەماشای ئاسۆ دەکا بە ئەندێشەوە): تا خۆرئاوا بوو لەلای منداڵانی شار مایەوە..
ڕەوەند: ئەسپێکی چەند ڕۆح سووك بووە..
ڕێبوار: ئەوەندە یاریی خۆشیان کرد، ئەوەندە پێکەنین، هەر جارێ کە ئەسپەکە دەیحیلاند منداڵەکان ئەوەندە پێی دەگەشانەوە، ئەدی کە سەمای دەکرد.؟!
کاروان: چی؟ وتت سەمای دەکرد!؟
ڕێبوار: بەڵێ سەمای دەکرد دڵی منداڵانی خۆش دەکرد.
کاروان: بەخوا ئەسپێکی جوان و سەیر بووە. منیش خۆشم ویست. کە پێشانگا لە قوتابخانەکەماندا کرایەوە. تابلۆیەکی ئەو ئەسپە شیرینە دەکێشم.
سۆزان (بەخۆشییەوە بەڕاست): تابلۆی ئەسپەکە دروست دەکەی؟
کاروان: بەڵێ تابلۆی ئەسپە ئازایەکە دروست دەکەم..
سۆزان: بەغەمبارییەوە، من زۆر حەزدەکەم پێشانگایەك ببینم هەموو تابلۆکانی ڕەنگین بن.
ڕەوەند: جا تابلۆ هەر دەبێ ڕەنگین بێ..
سۆزان (دیسان بە غەمبارییەوە): نا. نا کاکە ڕەوەند مەرج نییە هەموو تابلۆکان ڕەنگین بن.
کاروان (بە بەزەییەوە): دڵگیر مەبە سۆزان گیان، دەستی لە مل دەکا کە قوتابخانەکەمان پێشانگای کردەوە ئەوسا تابلۆی ئەسپە ئازایەکە دەکەم، ڕەنگی جوانیش بەکار دەهێنم، تابلۆیەکیش پێشکێش بە تۆ دەکەم چاکە..؟!!
سۆزان: لە خۆشیانا گریا و.. کاروان ماچ دەکا..
ڕەوەند: ئێ کاکە ڕێبوار دە تەواوی کە. دوایی ئەسپەکە چیی کرد؟
ڕێبوار: خۆر ئاوابوو پیاوەکە هاتەوە، لەگەڵ ئەسپەکە هەڵفڕین و گەڕانەوە.
کاروان: ئەی منداڵەکان؟
ڕێبوار: کە ئەسپەکە ماڵئاوایی لە منداڵەکان کرد منداڵەکان هەموویان تێکڕا دایانە پڕمەی گریان..
ڕەوەند: (بە غەمبارییەوە): بۆ لەبەرچی ئەسپەکە منداڵەکانی بەجێ هێشت؟!
ڕێبوار: ئا.. چونکە نەیدەتوانی لە شار بمێنێتەوە.
کاروان: بۆ لەبەرچی؟.
سۆزان: ئاخر دیارە ئەسپەکە، ئەسپێکی کوێستانی بوو، فێری ژیانی چیاکان بووبوو لە کوێستان نەبوایە لە هیچ شوێنێك ئارام نەدەبوو.


ئاریان سەرسام

کاروان (بە حەزێکی زۆرەوە..): خۆزگە  ئەو ئەسپە بەسەر گوندەکەی ئێمەشدا هەڵفڕی بوایە..
سۆزان: دڵنیابە هەردێ، ئیمڕۆش نەیێ سبەی.. کۆمەڵە منداڵێك بۆ شوێنەکە دێن لە دوای ماوەیەکی کەم شوانکارەیەکی هاوتەمەنیان بۆ شوێنەکە دێ، شوانکارەکە لە دەوری هەردوو پەیکەرە بەفرەکە دەخولێتەوە.
شوانکارە (ڕووی لە ڕێبوارە): دەمێکە لە دوور، لەسەربانی ماڵەکەمانەوە چاوم لێیە خەریکی دروست کردنی ئەو ئەسپە بەفرینەی پێ دەچێ ئەسپت زۆر خۆش بوێ؟
ڕێبوار: بۆ تۆ ئەسپت خۆش ناوێ؟!
شوانکارە: من؟! نەخێر ئەسپم زۆر  خۆش دەوێ، هەندێ جار لە خەوما بە ئەسپ سواری دەفڕم و بەشارەکاندا دەگەڕێم..
سۆزان: کەواتە تۆش وەك ئێمە حەز لە ئەسپ سواری دەکەی؟
شوانکارە: خۆزگە  و حەزێکە هەموو کاتێ لەگەڵمدایە.
ڕێبوار: ڕۆژێ دێ منداڵەکانی کوێستان بە سواری ئەسپە باڵدارەکە دەچنە دیدەنیی منداڵەکانی شار..
ڕەوەند: کە بەهاری کوێستانی ئێمە هات، کە زەوی زەرد و سوور و ڕەنگین هەڵگەڕا ئەوسا بە گوندەکەی ئێمەشدا رادەبوورێ..
سۆزان: نەخێر.. ئەو لە هەموو وەرزێکا حەز لە فڕین دەکا.
ڕێبوار: بەڵام کوێستانی ئێمە زۆر دوورە تا دەگاتە ئەوێ داخوا چەند زستان و چەند هاوین و چەند بەهاری پێ دەچێ..
(منداڵەکان بەغەمگینییەوە بەرامبەر بە ئەسپە بەفرینەکە ڕادەوەستن).
شوانکارە (خێرا غەمەکانیان فەرامۆش دەکات و بلوێرەکەی بەر پشتێندی دەردەهێنی و بلوێری خۆشیان بۆ لێ دەدا منداڵەکان دەگەشێنێتەوە و خەندە و بزەی گەشاوە جارێکی تر ڕوویان سوور دەکات.. ئینجا هەموویان لە دەوری ئەسپەکە دەخولێنەوە و گۆرانی دەڵێن).



# نەخۆشی و گورگە چاو برسییەکان

بەفر و سەرمای شەو تەنگیان بەهەموو گیانی هەڵچنیبوو، برسێتیش گورگە چاو برسییەکانی لە زەواق نابوو، کە تەنیا ئەوان رووبەرووی ساردی و تاریکی و ئەو بەفرە وەستابوون، بۆ نێچیری گازیان لەبەرد دەگرت. ئاگری داربەڕووی ناو سۆپاکە و نەخۆشیش تەنگیان بەمام ئۆمەر هەڵچنیبوو. هەمووی دوو شتن لە ژیاندا کە دژی یەك لە کاردانە و یەك مەبەست دەگەیەنن ئەویش زاڵبوونی ئەمەیانە بەسەر ئەوی تریاندا. ڕێبواریش بیری لە بارە لاواز و ناخۆشەکەی باپیری دەکردەوە، کە دەبوو بەهەر ڕێگایێ بوایە یارمەتییەکی بدابایە. بیری لە بازووە لاوازەکانی خۆی دەکردەوە، کە چاك دەبێتەوە و چیرۆکی (ئەسپە باڵدارەکەم) بۆ بگێڕێتەوە. ئەمەی لە دڵی خۆیدا وت و جۆشێکی هاتەوە بەر. تۆ بڵێی ئەو شەوە ئەسپەکە بیر لەمن نەکاتەوە و نەیی باپیرەم بگەیەنێتە شار بۆ لای پزیشك؟ ئەی خۆ منیش هەتیووم و بێ دایك و باوکم: نا لەوانەیە ئاگای لەمن نەبێ ئەم شەوە، تۆ بڵێی بە دوعا کردن و پاڕانەوەی من و روو لە ماڵەکەمان نەکا؟!

نا لەوانەشە بەفری سەر لووتکەکان زۆر ئەستوور و ڕەق بێ، بۆی نەکرێ بێ هەورە تریشقە لووتکەکە بتەقێنێ.. چونکە بەفرێکی زۆر باریوە و زۆریش زوو بەستوویەتی و ڕەق بووە.. لە هەموو شتێ چاکتر وایە بچم لێی بپاڕێمەوە.. هێزێکی نەبینراو هەموو گیانی جووڵاند و بەرەو دەرگاکە دوو سێ هەنگاوی نا. ئاورێکی لە باپیری دایەوە و بەهێدی، هێدی دەرگاکەی کردەوە جیڕەی لێوە نەهات.. نەیزانی بەرەو کام لا بڕوات، بەڵام هەنگاوەکانی بێ ئاگای خۆی بەرەو دوور لە ئاوایی بەڕێ کرد. هەموو شتی بەناسروشتی دەهاتە بەرچاو. بەفری بەستووی سەر زەوی و تەمی سپی چڕی بەردەمی کە هەروەك چۆن لەناو دەریای بێ ئاوی سپی ڕێ بکا وا بوو، تا گورگە برسییەکانیش حەزی دڕندەیی و برسیتییان رووخا و سەریان لەم گیانە سەیرە سوڕما بوو کە بەم شەوە تەرازووی سوورانی ئەوانی شێواند بوو.

تا خۆی لە نێو پەیکەری ئەسپەکە و پیاوەکەدا دۆزییەوە، دەستێکی خستە سەر سەری ئەسپەکە و وتی: ئەسپەکە، کەی دێیت فریای باپیرم بکەوی؟ توخوا دوا نەکەوی، ئەسپەکەی خستە باوەشی خۆیەوە و چاوەکانی لە سەرمان قورس بوون و سەبر سەبر نیگای بەرەو ئاسمان هەڵبڕی، تەمی سەر سەری وردە وردە ڕەوییەوە.


ئەستێرەکان بەدیار کەوتن، دوو ئەستێرە رژان و بەیەك کەوتن.. پرشەنگێکیان لێ دروست بوو. چاوی برییە ئەو شوێنەی ئەستێرەکانی لێ کەوتن، لەم کاتەدا خەریك بوو لەشی هەموو لە جووڵە بووەستێ و گیانی تێکەڵ گیانی ئەسپەکەی باوەشی ببێ. دەستی سڕ بووبوو، لەو کاتەدا لە بەرامبەری، لە دوور پیاوێکی بەساڵاچوو لەگەڵ ولاخێ لەناو تەمەکەدا هێدی هێدی بەدیار کەوتن گەیشتنە سەر سەری ڕێبوار، پیاوەکە پاڵتۆکەی داکەند و لە ڕێبواری پێچا و خستیە سەر پشتی ولاخەکەی و بەرەو ئاوایی کەوتنە ڕێ. ڕێبوار کە گەرمایی گەیشتە گیانی چاوی هەڵهێنا، ئا لەو کاتەدا بوو کە لوورەلووری گورگەکان گەڕایەوە، حەزی برسێتییان گیانیانی پڕ کردەوە.

تەمە سپییە چڕەکەش لەبەرچاو ون بوو ڕێبوار لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

باپیرە خۆم و ئەسپەکەم و هاوڕێکەم هاتین تاکو بتبەینە شار بۆ لای پزیشك!!..



ئاریان سەرسام


# کۆتایی



زنجیرە كتێبی 1
چیرۆكە ئەمرەكان
بەرگدرووە بچووكەكە
وەرگێڕانی: ئەمیر حاجی داود



زنجیرە كتێبی 3
و: ئەمیر حاجی داود
بەرگدرووی كۆشك
وێنە بەدەستكاری: عادل زرار


زنجیرە كتێبی 2
چیمەن كاوێس
ئەسپە باڵدارەكە
وێنەكێش: ئاریان سەرسام


4
ئیبراهیم ئەمین باڵدار
سەیران
وێنەكێش: شێروان موحسین


زنجیرە كتێبی 5
مەغدید ڕەواندزی
خۆشەویستیی نیشتمان
وێنەكێش: شێروان موحسین


زنجیرە كتێبی 7
و: دلاوەر قەرەداغی
شێر و كوڕە بچكۆلە
وێنەكێش: دلشاد عەلی


زنجیرە كتێبی 6
و: ئەمین گەردیگلانی
یەكگرتن
وێنەكێش: شێروان موحسین